خەزەڵی و پلاسخارت تاوتوێی ڕووشی غەززەیان کرد

ئەمە سەشەمە، شێخ قەیس خەزەڵی، سکرتێری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق، لەگەڵ جینین پلاسخارت، نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سەبارەت بە پێویستیی ڕاگرتنی دەستدرێژیی زایۆنیستەکان بە سەر غەززە گفتوگۆیان کرد.

نووسینگەی شێخ خەزەڵی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: شێخ قەیس خەزەڵی سکرتێری گشتیبزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە نوێنەری ئەمینداری گشتیینەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین پلاشخارت کرد، و لەدیدارەکدا باسیان لە دۆخی کارەساتبار لەغەززە و پێویستی ڕاگرتنی دەستدرێژی درندانەی قەوارەی زایۆنیستی کرد".

شێخ خەزەڵی پشتگیری پتەوی عێراق بە دەزی فەلەستین دووپاتکردەوە، هەروەها هەوەستی ئەمینداریگشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرز نرخاند، کە بە ڕوونی ئەو جینسایدی شەرمەزار کرد کە لەلایەنقەوارەی قەرخکارەوە بەرامبەر بەخەڵکی مەدەنی ئەنجام دەدرێت، و گەیینی غەززە بە گەستانەکیگەورە بە منداڵان، و دوانەخستنی ئیدانەکردنی ئەم تاوانانە، و هەوەستی توند

بەرامبەریان بگرنەبەر.

لە میانی دیدارەکەدا شێخ خەزەڵی جەختی لە پێویستی ڕزگرتن لە سەروەری عێراق و ڕەچاوکردنیئیرادەی گەلی عێراق و کشانەوەی هێزە بیانییەکان لەخاکەکەی کردەوە.